# إن صح التعبير!

حەمەسەعید حەسەن

سەعیدی گەوهەر، کە دوای ڕاپەڕین لە داخی کورد خۆی کوشت، یادی بە خێر، بە هەڵەدا چووبوو کە زۆر جار دەیگوت: ‹عەبدوڵلا ئاگرین، لە نێوان نووسەراندا، خۆی وەک سیاسەتمەدار دەناسێنت و لە نێو سیاسەتمەدارانیشدا خۆی بە نووسەر لە قەڵەم دەدات، بەڵام ڕاستییەکەی نە ئەمیانە و نە ئەویان، ئاخر نە توانای نووسینی هەیە و نە ئەلفوبێی سیاسەتیش دەزانێت.›

ئەگەر سیاسەت، میکافیللی گوتەنی: هونەری گەییشتن بە مەرام بێت، بە چاوپۆشین لەو ڕێگایانەی دەیانگرینە بەر، ئەوا ئاگرین سیاسەتمەدارێکە کارامە، ئاخر ئەو بۆ گەییشتن بە ئامانجەکانی، سلّی لە گرتنەبەری هیچ ڕێیەک نەکردووەتەوە. بە پێی بڕیاری کۆنگرەی دوازدەی پارتی، ‹٦ تا ١٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٩هەولێر،› کە لە پێڕەوی پارتیشدا جێگیر کراوە، ئەوی خۆی بۆ کۆمیتەی ناوەندی پالاوتبا، دەبوو لای کەم ‹١٠› ساڵی بێ دابڕان لە ‹حیزبێکی کوردستانیدا› کاری کردبێت، ئاگرین چونکە دوای ڕاپەڕین بە پاسۆکەوە پێوەست ببوو، تەنیا ‹٨› ساڵ خزمەتی هەبوو، بەڵام هەموو ئەندامانی کۆنگرەی فریو دا و خۆی بۆ سەرکردایەتی پارتی پالاوت! ئاگرین سیاسەتمەدارێکی هێندە لێزانە، ئەو خۆی فێڵی لە پارتی کردبوو، کەچی داوای لە من دەکرد، داوای بەخشین لە بارزانی بکەم!

*

لە نێوان پارتی و یەکێتیدا جیاوازی زۆرن، یەکێکیان ئەوەیە، پارتی حیزبێکی خراپە و سەرۆکێکی چاکی هەیە، بەڵام یەکێتی حیزبێکی باشە و سەرۆکێکی خراپی هەیە. ئەوەی کە پارتی حیزبی بنەماڵەی بارزانییە، نەک هەر لایەنێکی ڕەشی ئەوە حیزبە نییە، بەڵکوو پارتی لەو لایەنە گەشتر شک نابات. وەک چۆن بنەماڵەی گاندی، سامانێکی لە بن نەهاتووە بۆ پارتی کۆنگرەی هیندستان، ئاوا و بگرە زێتریش بنەماڵەی بارزانی پشتیوانەیەکی* هەمیشەییە بۆ پارتی.

جیاوازییەکی دیکەی نێوان یەکێتی و پارتی ئەوەیە، هەمیشە پارتی چەندان ساڵ لە پێش یەکێتییەوە بووە. یەکێتی ڕەخنەی لە هەر هەنگاوێکی پارتی گرتبێت، خۆی پاش چەند ساڵێک، هەمان هەنگاوی ناوە. دەیان ساڵ بوو، لە ڕوانگەی یەکێتییەوە، خەوشی سەرەکیی پارتی ئەوە بوو، کە حیزبێکە سەر بە بنەماڵە، ئەوە چەند ساڵێکی کەمە یەکێتی هەستی کردووە، کە بە بنەماڵەییکردنی حیزب، لایەنی لاوازی پارتی نییە، بەڵکوو لایەنی بەهێزێتی، بۆیە مام تازەکی خەریکە یەکێتی بکاتە حیزبی بنەماڵەی تاڵەبانی.

موقتەدای سەدر خەریکە خوێی سەرمایەی خەباتی ‹سادق›ی باوکی و ‹باقر›ی مامیشی بە ئاودا دەدات. ئەو بێسەوادە توانای ئەوەی نییە، لەوی بۆی دەنووسن، دوو ڕستەی بە دروستی لێ بخوێنێتەوە، کە دێتە قسەش، چونکە سوور دەزانێت، توانای پەیڤینی نییە و بەردەوام هەڵە دەکات، دوای هەر دوو سێ ڕستەیەک، دەڵێت: ‹إن صح التعبير!›

دەڵێن ئەگەر پۆستی سەرەکوەزیرانی عێراق بەر کورد بکەوێت، مام جەلال بەو پۆستە شاد دەبێت. مام وەک موقتەدا نییە، نەک هەر بۆ قسە پەکی ناکەوێت، بەڵکوو وەستای بواری دەربڕینە. مام بە شێوازێکی دیکە ئابڕووبەرەیە، کە بارانی قسەی دایکرد، ئیدی خۆشکرنەوەی بۆ نییە، بۆیە چاکیش دەڵێت و خراپیش دەڵێت.

مام لەو کۆنگرەیەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیدا کە چەند هەفتەیەک پێش هەرەسی بەعس لە سەلاحەدین بەسترا، لە ئەنجامی فرەگوتنەوە، فاوڵێکی کوشندەی کرد، بە حوزووری ‹خەلیلزاد›ی نوێنەری ئەمریکای فریادڕەس، هات ستایشی هەڵوێستی خۆڕاگرانەی! سووریای کرد، سووریایەک کە لە ڕوانگەی ئەمریکاوە، چاوگەی شەڕ و تیرۆرە.

ئەگەر بڕیارە سەرەکوەزیرانی ‹عێراقی هیوا و ئاشتی!› کوردبێت و کوردەکەش سەر بە یەکێتی بێت، بریا مام جەلال بۆ ئەوەی چی تر شەرمندەی لای دۆست و دوژمنمان نەکات، ئەو ئەرکەی بە کەسێکی شیاوی نێو یەکێتی دەسپارد. ئینسان ڕۆڵێکی لاوەکیی لە فیلمێکی باشدا هەبێت، چاکترە لەوەی ڕۆڵێکی سەرەکیی لە فیلمێکی خراپدا هەبێت. عێراق لە ڕوانگەی منەوە فیلمێکی خراپە، بریا کورد بەشداری تێدا نەدەکرد، ئەگەر فیلمێکی باشیش بێت، ئەوا مام جەلال ئەو ئەکتەرە نییە، بۆ بینینی ڕۆڵێکی سەرەکیی لەو فیلمەدا دەست بدات.

ئیسلام بڕوای بە سنووری نێوان وڵاتانی ئیسلامی و جیاوازیی نێوان گەلانی موسڵمان نییە. لە کن ئیسلام چونکە وڵاتە ئیسلامییەکان، هەر یەکێکن و نەتەوە موسڵمانەکانیش هەر ئوممەتی ئیسلامن، بۆیە گەلانی مافزەوتکراو لە سایەی ئیسلامدا بە مافە نەتەوەییەکانی خۆیان شاد نابن. لە عێراقی داهاتوودا کورد نەک هەر لە سایەی ‹ئاشتی›دا بە ‹هیوا›کانی ناگات، بەڵکوو دەکەوێتە نێوان هەر دوو بەرداشی ئیسلام و عورووبەوە.

2004. 05. 20

* پشتیوانە: ڕەسید.